# جەنگی جیهانی سێیەم بۆچی؟

تایەر حاجی حەسەن



بەر لە چەند ڕۆژێک جۆرج بۆشی کوڕ ئەوەی ڕاگەیاند ئەگەر وڵاتی ئێران ببێت بە خاوەنی چەکی ئەتۆمی ئەوە مانای وایە نیشانەکانی دروست بوونی جەنگی جیهانی سێیەم دێتە ئاراوە. دیارە ئەم وتەیەی بۆشی کوڕ خوێندنەوەی زۆر ڕەسمی بۆ نەکرا لە نێوەندە میدیایەکاندا، بەڵام بۆ خۆی دەکرێت هەڵوێستەیەکی وردیشی بۆ بکرێت. بۆئەوەی بزانین ئەگەری بەرپابونی جەنگێکی دیکەی زەبەلاحتر لە جەنگەکانی رابردوو، پێداویستیەکانی هەڵگیرسانی ئەم جەنگە بۆچی دەبێت. ئایا بۆ بەرکەماڵ بوونی ئازادی و فەراهەم کردنی ئاسایشێکی نێونەتەوەیە ؟ یان تەنها بە قازانجی بەرژەوەندیەکانی مسۆگەرکردنی ستراتیژیەتی بازاڕی ئازاد خۆی دەسەپێنێت.

لەلایەکی دی کاربەدەستانی ئەمڕۆی جمهوری ئیسلامی سیاسی لە ئێران ڕای دەگەیەنن، ئەگەر هەرچ هێرشیکیان بکرێتە سەر ئەوە وەڵامی دەستبەجێ و لە یەک خولەکدا 11هەزار ساروخ ڕەوانەی بەرانبەر دەکەن.(کاتێک لە میدیاکانیانەوە ئەم لێدوانانە دەدەن) ئەم هەڕەشەو خۆزیت کردنەوانە دەتوانێت تا چ ئەندازەیەک واقعیەت نیشان بدات. ئایا دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران ئەو توانایيەی هەیە کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا بخاتە ژێر ترس و دڵەراوکێوە. خۆ ئەگەر بپرسین، بۆ ئاوا زمانی هەڕەشە و ترساندن و بێژیان کردن خۆی دەخاتە نیو سیناریۆکانی ئەم دەسەڵاتانەوە، دەبێت بزانین بوونی ئەم دەسەڵاتانە و مانەوەیان تا چەند بە قازانجی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگاوە بەندە. هەمیشە خواستی دەسەڵاتە تۆتالیتار و ملهوڕەکانی جیهانبینی دیکتاتۆر و ئایدیالیزمە دینیەکان وابووە، بۆ مانەوەی بەرژەوەندی دەسەڵاتەکانیان ، لە جیاتی گرنگی دان بە دەنگی ناڕەزایی ناو کۆمەڵگاکانیان بڕیاری شەڕ و یەکتر تۆمەتبارکردنیان هەڵبژاردوە و بەناوی ئاسایشی نەتەوەی و دیفاع کردن لە ئایدۆلۆژیەکەیان پەنایان بردۆتە بەر جەنگی ناڕەوا و ملیۆنان خەڵکیان کردوە بە قوربانی ئامەنجەکانیان. من دەڵێم ئەگەر ئامانجی دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی ئەمریکا بۆ قازانج و پاراستنی کەرامەتی سەرجەم مرۆڤایەتیە و دەخوازێت خۆشگوزەرانی و ئازادی فەراهەم بکات، ئەوا دەبێت بڵێین دەستت خۆش بۆ هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە دژ بە کۆنەپەرسترین ڕژێمی دیکتاتۆر و ملهوڕی سەردەم، کە دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئێرانە. بەڵام ئایا ئەمریکایەک کە خۆی بە پێشەنگ وڕابەری مەزنی ئازادی و هێنانی خۆش گوزەرانی دەزانێت، چی وایلێدەکات ئەو جبەخانە گەورەیەی بە نوێترین جۆر چەکی مۆدێرن پڕ بکات و زۆربەی بودجەی وڵاتی بۆ تەرخان بکات؟ لە کاتێکدا هەر خودی ئەمدەسەڵاتە سیاسیە دەست دەخاتە هەرجێگایەکەوە کە بەقازانجی بەرژەوەندیەکانی ئەم تەواو نەبێت، بەڵام دەیان وڵات لەژێر باری قورسی ناعەدالەتیدا جمەیان دێت و ئەمی ڕابەر کارێکی پێوە نیە و بە تەداخولکردن لە کاری ناوخۆ سەیری دەکات. ئەمڕۆ کێشەکان تا دێت ڕوو لە ئاڵۆزتر بوون و ڕێگاچارەکانیش تادێت ڕوو لە بنبەست بوونتر دەچن، ئەوەی چاوەڕوانی لێدەکرێت تەنها فەلسەفەی جەنگ و هێزە بتوانێت وەڵام بەم ناهاوسەنگیەی ناو ئەم دەسەڵاتە جەنگخوازانە بداتەوە.

دیارە تەوژمێک لەم سەدەیەدا خۆی تیا تەیار دەکات تەنها تەوژمی لیبراڵیزمی نیزامی سەرمایەداری سەردەمە لەگەڵ ڕووی توند ڕەوی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی، چونکە ئەم دوو بۆچونە یەک بە دژی

ئەوی دی خۆی دێنێتە مەیدان و بۆ دیفاع کردن لە مانەوەی خۆی ئامادەیە هەموو قوربانیەک بدات، لەگەڵ ئەوەشدا کە کیشوەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست جێگای ئاینده و ئیستای وەدەست هێنانی سەرچاوە پەترۆڵیەکانە بۆ رۆژئاوا، لە هەمانکاتدا چەکێکی کاریگەر و تۆڵەسێنەرەوەشە بەدست دەسەڵاتدارانی ناوچەکەوە. هەرئێستا بەهۆی بارگرژی نێوان دەسەڵاتی فاشستی تورک و تەداخولکردنیان بۆ هەرێمی کوردستان بە ناوی هێرشکردنە سەر چەکدارانی پەکەکە، نرخی نەوت بە ئەندازەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرز بوەتەوە و لە بەرانبەریشدا تەنها خەڵکیە دەبێت باجی ئەم گرانی و بێئاسایشیەش بدات؟ نەک دەسەڵاتدارانی مافیا ئاسا و پیاوانی سەرکورسی حاکمیەت.

پێدەچێت کارەساتەکان زۆر زیاتر بن لەوەی لە زمانی ئەم زلهێزانەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، ئەوەتا دەسەڵاتی سیاسی ڕوسیاش خۆی بەرز دەنرخێنێت و ئامانجەکانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبەستێتەوە بە لەناونەچونی دەسەڵاتی سیاسی ئێران و دیفاعی ئەوەی لێدەکات بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئیران بۆ کاروباری سلمیە و بۆ وەبەرهەم هینانی چەکی ئەتۆمی نیە. بەڵام کێ دەتوانێت ئەو گرەنتیە بدات کە ئەحمەدی نەژادێک چاوەروانی گەڕانەوەی مەهدی مونتەزەرە، ئەگەر دەستی گەشت بەو توانایيە نابێتە خاوەنی ئەو چەکە و هەڕەشەش ناکات لە سەرجەم نەیارەکانی؟ ئەحمەدی نەژاد تائێستا وێنەی تورکە کەمالیستیەکان کە ئامادەنین بچنە ژێرباری جینۆساید کردنی ئەرمەنەکانەوە، بەهەمان شێوە جینۆساید کردنی یەهودیەکان بەدەستی نازیستیەکانی هیتلەر بەکارێکی درۆیانە لە قەلەم دەدات و بڕوای بە ڕوداوێکی لەو جۆرە نیە. کەواتە ئەمانە زۆر خەتەرناکن بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی. بەڵام لەویش خەتەرناکتر ستراتیژە ئایدیالیزمە کەی بۆش و موحافەزەکارانی چواردەورێتی، کە هێشتا ئیلهام بەخشی تێڕوانینیان بۆ ژیان لە ئینجیل و تەوراتەوە بەدست دێنن و لەو دیویشەوە ملیردەها دۆلار بۆ قازانجی شەریکاتەکانیان کۆدەکەنەوە. ئەمەیە ڕەوایەتی ئەم دەسەڵاتە سیاسیانەی سەردەم بۆ بەخشینی ئازادی و ئاسایش بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی!

ئێمە بەڕاستی لە نێو دنیایەک لە درۆدا دەژین، درۆیەک کە هەرڕۆژەی بە شێوازێک پێمان دەفرۆشرێت و هەر ڕۆژەی بەبەهانەیەکەوە دەخرێینە نیو ئایدۆلۆژیاکانی دەسەڵاتدارانەوە. ئەوە فەلسەفەی دەسەڵاتدارانە وا لە ملیۆنان ئینسان دەکات جێگاو ڕێگای خۆیان بەجێ بهێڵن و هەر ڕۆژەی بە چەشنێک ئاوارەی گەڕان بن بەدوای پاروە نانێکدا. ئەوە زانستی سەردەمی ئەم سیستمە نارەوایەیە کە هەرچ شێوە ئایدۆلۆژیایەکی توندڕە و نامرۆڤانەیە زیندوی دەکاتەوە. ئەوە میدیاکانی سەردەستە هاتوهاواردەکەن بۆ ئارامی ژیانێکی پێکەوەیی، بەڵام بەدیوێکی تردا لێشاوێک لە نابەرابەری و دڵڕەقی دەجێنن لە نێو هزری مرۆڤەکاندا، کە هەر کاتێک بۆیان ڕەخسا تۆڵە لەیەکتر بکەنەوە. جەنگ هەرچۆنێک بێت کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەشوێن خۆیدا دێنێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە کارێک و چاوەنواڕیەک نیە بە قازانجی وەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر ، هێندی ئەوەی بۆ قازانجی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتدارانە. چونکە ئەو ئاڵوگۆڕانە لە هەناوی پێداویستیەکانی خەڵکەوە سەرچاوە ناگرێت، بەقەد ئەوەی پێداویستیەکانی ئەو زلهێزانەیە ئەو جەنگانە دەخولقێنن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە هەموو ڕوەکانەوە. کەواتە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی سێەم نە لەبەرخاتری ژیانێکی شایستە ترە بۆ ئاسایشی گشتی، بەڵکو تەنها بۆ دابەشکردنێکی نوێ و تەسلیم بوونێکی گشتی ترە بۆ ژێر چەتری ئەم ڕەقیبە نوێیەی جیهان!!!!!!!.

2007/10/24

هۆڵەندا